خۆرخی لویس بۆرخیس

# گیانەوەرە ئەفسانەییەکان

کتێبی بوونەوەرە خەیاڵییەکان

و: سابیر شاکر مەلوول



١- ئەو فیلەی پێشبینی کرد کە "بودا" دێتە دنیاوە پێنج سەدە پێش لە دایکبوونی مەسیح و لە وڵاتی نیپاڵ مایای شاژن خەونی بینی فیلێکی سپی کە لەسەر چیای زێڕین گیرسابووەوە چووەتە لەشیەوە و ئەم گیانەوەرە ئەفسانەییە شەش کەڵپەی لێ دەرهاتووە.

کاهینەکانی پادشا پێشبینی ئەوەیان کرد کە شاژن کوڕێکی دەبێ جا یان دەبێتە حاکم و خونکارێک لەسەر زەوی یان دەبێتە پێشخزمەتی نەوە نەتیژە و تۆرەمە و زاروزیچی مرۆڤ دواجار لەسەر ڕێچکەی زانیاری و حیکمەتەکان وەک دواییینیان لە کڵ دەرهات.

له هندستان فیل بەگیانەوەرێکی ماڵی دادەنرێ، ڕەنگی سپی هێمایە بۆ خاکێتی و ژمارەی شەشیش ژمارەیەکی پیرۆزە و لەگەڵ هەر شەش مەوداکەی فەزا: ژوور و خوارو پێش و پاش و ڕاست و چەپ، هاوتەریبە!

**

١- خونکار: حاکم، دەسەڵاتدار .
٢- زاروزیچ: نەوە و نەتیژە.
٣- خاکێتی: تەوازوع.
٤- تۆرەمە: نەوەو نەتیژە.

٢- کەڵەبابی ئاسمانی

بەپێی بڕوای خەڵکی چین کەڵەشێری ئاسمانی مەلێکی ڕەنگ ئەرخەوانیی زەرکەفتە و ڕۆژی سێ جاران دەخوێنێ جاری یەکەمیان کاتێک کە خۆر لە ئاسۆی زەریاکاندا حەمامی بەیانیانی خۆی دەکات و جاری دووەمیان کاتێک دەگاتە ناوەڕاستی ئاسمان و دواجاریشیان کاتێک ئاوا دەبێ. یەکەمین بانگ و قووقەی ئاسمانەکان دەلەرزێنێ و خەوی شیرینی بنیادەمەکان هەراسان دەکا و دەزرێنێ ڕەچەڵەک و ڕەسەنی کەینوونەی نێرینە کەڵەبابی "یانگە" سێ قاچی هەیە و لەسەر درەختی "فۆسانگ" هەڵدەنیشێ کە لە خاکی گزنگدا "ڕۆژهەلات" شین دەبێ و مەزندەی ئەوە دەکرێ کە درێژییەکەی هەزاران پێ بێ.

بانگی کەڵەشێری ئاسمانی زۆر زولاڵە و دەستپێکردنەکەی شکۆمەند، هێلکەیەک دادەنێ و ئەم هێلکەیە کاتێک دەترووکێ کە مریشکی پۆپنە سووری لەسەر کڕ بکەوێ، مامرگەلێک کە هەموو بەیانیانێک گۆرانییەکەی ئەو بڵێنەوە.

هەروەها هەموو کەڵەشێرەکانی سەر زەمین بەڕەچەڵەک دەچنەوە سەر کەڵەبابی ئاسمانی کە ناوێکی تری هەیە: باڵندەی بەیان.

***

تێبینی وەرگێڕ: وشەی کەڵەبابی کوردی لە دوو بەش پێک هاتووە: کەڵ: نێرە، باب: باوک باوکی هەموو نێرینەکان.

٣- مەیمونی مرەکەب

ئەم گیانەوەرە لە باکوور زۆرە، درێژییەکەی بستێک دەبێ یا نابێ، چاوی سوورە و پێستەکەی ڕەشێکی کەهرەمانیی ئاوریشمییە و نەرمە وەک پشتی و سەرین.

بەهرەیەکی لاپرسەنی هەیە: نۆشکردن و تامکردنی مرەکەبی هندی.

کاتێک کەسێک دادەنیشێ شتێک بنووسێ، مەیمونی تاینیش لە نزیکیەوە هەڵدەتروشکێ و چنگی دەخاتە سەر یەک و چاوەڕێ دەکا کابرا لە نووسین و ئەرکەکەی ببێتەوە ئەوجار پاشماوەی مرەکەب و جەوهەرەکە هەڵدەقووڕێنێ (نۆشی گیانی بێ) دواجار ڕازی و ئارام لەسەر پاشەڵی قنج و قوت دادەنیشێ.

***

جەوهەر: مرەکەب

٤- ئابتۆ و ئانێت

وەک هەموو میسرییەکان دەزانن ئابتۆ و ئانێت دوو ماسی بوون هێمای ژیان، هاوشێوە و پیرۆز...

لە پێش دەمی کەشتی خوای خۆرەوە، ڕووبەڕووی هەموو مەترسییەک مەلەیان دەکرد، هاتوچۆ و ڕەوتیان کۆتایی نەبوو.

کەشتی ئاسمان بەرۆژ، هەر لە کەرەی بەیانییەوە تاکو تەنگەی ئێوارە و لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا دنیای تەی دەکرد و بەشەوانیش بە ئاراستەی پێچەوانە ڕێگەی ژێر زەویی دەگرت و دەهاتەوە!

٥- هاوکا؛ خواوەندی هەورەتریشقە

هاوکا با دەکاتە داردەست و تەپڵی هەورە تریشقەی پێ دەژەنێ، ئەوەی وەک خواوەندێکی ڕاووشکار جیای دەکاتەوە قۆچ و شاخەکانی سەریەتی.

به شادیی هۆن هۆن دەگری
به ناخۆشیی قاقا پێدەکەنێ
بەگەرما چۆقەچۆق هەڵدەلەرزێ
بەسەرما زەنگۆڵ زەنگۆڵ ئارەقەی لێ دەچۆڕێ.

٦- مەلی باران

جوتیارەکانی چین لە کاتی بێ بارانی و سیاساڵدا، یانی کاتێک سوێیان دەبێتەوە بۆ دڵۆپێک باران - جگە لە ئەژدیها - باڵندەیەکیان هەیە پێی دەڵێن "شانگ یانگ" کە تەنیا لاقێکی هەیە.

زۆر لەمێژیشە کە منداڵان لەسەر لاقێک هەڵدەبەزنەوە و برۆیان تێک دەنێن و هاوار دەکەن (هەیاران و مەیاران شانگ یانگ بیکەیتە باران) لە حەکایەتەکاندا هاتووە کە مەلی باران بە دەندووکی ئاو هەڵدەگرێ و دەیپرژێنێ بەسەر کێڵگە تینووەکاندا، هەروەتر دەڵێن کە جادووبازێکی کۆن ئەم مەلەی گرتووە، ڕام و ماڵیی کردووە و دواتر خووی بەوەوە گرت کە بەستوونی لەسەر لەپی دەستی هەڵی دەگرت.

مێژوونووسەکان پێمان دەڵێن جارێکیان لەبەردەمی تەختی میر "شی"دا نمایش کراوە و مەلی تاین بەدەوریدا هەڵبەزیوەتەوە و بە فڕکە فڕک باڵەکانی لێک داوە، میر بە تەواوی شەیدای بوو، هەستا سەرەک وەزیرانی خۆی نارد بۆ دادگای "لی" تا پرس و ڕاوێژ بەکۆنفۆشیۆس بکات. کۆنفۆشیۆسی پیتۆڵ و چازان پێی دەڵێ کە شانگ یانگ دەیکاتە تۆفانێک ئەوسەری دیار نەبێ و سێلاو و لافاو هەموو دەشت و دەرەکان و ناوچە نزیک و دوورەکان ڕادەماڵێ ئەگەر بێت و دەستوبرد جۆگە و کەناڵ و خەندەق لێ نەدەن میر گوێی خۆی لە ئاستی قسە مەترسیدارەکانی کۆنفۆشیۆشی دانا کەڕ نەکرد،

بەمجۆرەش توانی هەرێمەکەی خۆی لە کارەسات و ماڵوێرانییەک بپارێزێ کە سنووری نەبوو.

پیتۆڵ و چازان: حەکیم و دانا.

سیاساڵ: وشکە ساڵ.

٧- نەسناس

نەسناس کە لە بوونەوەرە دڕندە فریودەرەکانە، تەنیا چاوێک و یەک گۆنا و دەستێک و یەک قاچ و نیو قەد و نیو دڵی هەیە "جان کلۆد مێرجۆلین" کە یەکێکە لە ڕاڤەکەران؛ ئیجاد و خوڵقاندنی ئەم گیانەوەرەی داوەتە پاڵ "فلۆپێرت" بەڵام "لین" لە بەشی یەکەمی (شادیی شەوانی عەرەبی)دا ئاشکرای دەکا و دەڵێ: نەسناس بەڕەچەڵەک دەچێتەوە سەر نەوەی "شیک" کە بوونەوەرێکی ئەهریمەنییە و وێرای مرۆڤ لەسەر درێژیی کراوەتە دوو لەتەوە.

بەپێی قسەکانی "لین" نەسناس کوتومت نیوەی مرۆڤە: نیو سەر و نیو لەش و باڵێک و تاقە قاچێکی هەیە کە بەجوانی قونەقونی پێ دەکات، لە دارستان و بیابانەکانی یەمەن و حەزرەموت هەیە و بەهرەی قسەکردنی دراوەتێ.

تیرەیەک لە تیرەکانی نەسناس وەکو دێوە ڕموزنە دەعەجانییەکان دەموچاوی لە سنگیدایە، وەکو مەڕ دونگی هەیە، گۆشتەکەشی خۆشە لەبەرئەوە ڕاوچییەکان مەراقیان لێ داوە و پتر ڕاوی دەکەن.

جـۆرێکی دیکەی نەسناس هـەیە کـە باڵی وەک باڵی شـەمـشـەکوێرەی لـێ ڕوواوە و لە کەناری دەریاکانی چین و ماچین، لە جەزیرەی چێنکە دەژێ (کە دەشێ برۆنای بێ)..

ئەوجار بە دەسەڵاتێکی کەهنوتییەوە درێژەی دەداتێ و دەڵێ ـ خوا دەزانێ-

تیرە: جۆر

ئیجاد: ئەفراندن

٨- گاوتاجا

گاو = گا

لە هزری ئیسلامدا گاوتاجا گایەکی نەناسراوە کە چوار هەزار چاو و چوار هەزار گوێ و چوار هەزار لمبۆز و چوار هەزار قاچی دراوەتێ بەلایەنی کەم پێنج سەد ساڵی دەوێ تا لەم گوێیەوە بگەیتە ئەو گوێی یان لەم چاویەوە بگەیتە چاوەکەی دیکە.

گاوتاجا لەسەر پشتی ماسییەک ڕاوەستاوە، لەسەر پشتی گا کە گابەردێکی یاقووت هەیە و لەسەر پشتی بەردەکە فریشتەیەک و گۆی زەویش لەسەر پشتی فریشتەکە گیرساوەتەوە.

لە ژێر ماسییەکەدا دەریایەکی مەزن هەیە، لە ژێر دەریاکەدا بایەکی توند و لە ژێر هەواکەدا ئاگر و لە ژێر ئاگرەکەشدا ئەژدیهایەک هەیە کە تەنانەت لە خوداش ناترسێ ئەم بوونەوەرەش یانی گاوتاجا لە توانایدا هەیە هەموو خەلیقەت قووت بدا!!

تێبینی وەرگێڕ: لە گەرمیاندا بە گا دەڵێن گاو بۆ نموونە بەمرۆڤی زرتەبۆز دەڵێن لاچۆ ئەی گاوە بۆغە بەمنداڵیش سەدان جار ئەم حیکایەتم گوێ لێ بووە بەجۆرێک هەستێکی وام لە دڵ دەگەڕێ کە بۆرخیس لە کوردێکی بیستبێ.

٩- لیلیس

«لەبەرئەوەی لە پێش حەوادا لیلیس هەبوو...» ئەمە لە دەقێکی کۆنی عیبریدا دەخوێنینەوە.

ئەم ئەفسانەیە شاعیری ئینگلیزی (دانتی جبریل ڕۆستیی) (١٨٢٨- ١٨٨٤) هەژاند تا چامەی (باخەکانی عەدەن) بنووسێ لیلیس مار بوو، ژنی یەکەمی باوە ئادەم کە شێوەگەلێکی بە ئادەم بەخشی - کوڕگەلێکی قۆز و خەدەنگ، پەریگەلێکی جوان و چەلەنگ - لە دارستانەکان و دەریاکاندا تەشەنەیان کرد.

ساڵانێک دواتر خودا هەستا حەوای گۆڕاند. لیلیس بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆی لە ژنە

مرۆییەکەی ئادەم بکاتەوە، چووە بن کلێشەی حەواوە تا لە بەرە یاساغەکە بخوات، قابیلی هەڵفریواند تاوەکو هابیلی برای بکوژێت. ئەمە یەکەمین وێنەی ئەو ئەستورەیەیە کە ڕۆسێتی شاعیر پەنای بۆ برد و مشتومالّی کرد و ڕەونەقی دایەو ڕازاندییەوە. بە درێژایی چاخەکانی ناوەڕاست تینوتاو و کاریگەریی وشەی "لیل"ی عیبریی، خولێکی تازەی بە داستانەکە بەخشی چیدی لیلیس مار نەبوو بەڵکو بووە تارمایی شەوان. سەردەمانێک فریشتەیەک بوو بەسەر نەوە و وەچەی بوونەوەراندا فەرمانڕەوایی دەکرد، لە سەردەمێکی تریشدا ئەهریمەنە ژنێک بوو کە هێرشی دەبردە سەر بەتەنیا نووستووەکان و ڕێبوارانی ڕێگا چۆڵەکان. بەڵام لە خەیاڵی میلیدا ژنێکی کەڕ و لاڵی بالابەرزی گەردنکێڵە کە قژێکی ڕەش و درێژی هەیە و کراسەکەی دڕاو و پوواوە.

١- گوراند = خولّقاند

٢- تەشەنەیان کرد: زۆربوون.

١٠- گیانەوەرێک کە کافکا وێنای کرد

گیانەوەرێکە کلکێکی درێژی هەیە کە چەندین یاردە دەبێ و دەڵێی کلکی ڕێوییە. چەند حەز دەکەم جارێک ئەم کلکەی بگرم و دەست بخەمە سەری بەلام هەیهات، ئەستەمە ئەستەم چونکە ئەم گیانەوەرە بەتوندی دەخولێتەوە و بەتوندیش کلکی ڕادەوەشێنێ و لێرەو لەوێ چاوقایمانە لە زەوی دەکوتێ.

لە شێوەدا دەڵێی گیانەوەری کەنغەرە، دەموچاوی نەبێ کە پانە و تەقریبەن وەک دەموچاوی بنیادەم بچووک و هێلکەییە ددانەکانی بەڵێ تەنیا ددانەکانی توانای گوزارشتکردنی هەیە جا هەر دەربڕینێک بێ؛ لە دڵ چەپێنراو بێ یان ئاشکرا.

هەندێک جار هەستێکی وام لە دڵ دەگەڕێ کە ئەم گیانەوەرە دەیەوێ ڕامم بکا. ئەی ئەگەر وانییە بۆچی کاتێک دەیگرم کلکی دەکێشێتەوە و دواتر دیسان ئارام دەگرێ تاوەکو جارێکی تر ئیغرای بکەم، ئەوساش وەک کەتنێک لە ئارادا بێ قونەیەکی بۆ دەکاو خۆی هەڵدەدا بۆ دوور.

(کافکا: باوکی ئازیز)

سەرچاوە:

١- مرآه الحبر (مختارات) ترجمة محمد عبد/ دار علاءالدين

٢- حيوانات الخرافية/ بورخيس/ ترجمة كاظم سعد علي

٣- كتاب الكائنات الخيالية. صالح علماني.